# سمكۆی کوردان و مار بێنیامین شیمۆنی ئاسۆڕی

مێژوو بۆ زۆر مەبەستی پۆزەتیڤ تۆمار دەکرێ کە لە سەردەمی مۆدێرندا لە بەر پاراستنی بەرژەوەندی هێز و لایەنی رامیارییەوە تووشی خەوشەداربوون و چەواشەکران بووە. حکومەتەکان و کەسانی سەر بە ڕێبازی جۆراوجۆر، تەکنیک و شێوەی جۆراوجۆر بۆ شاردنەوەی راستییەکان و نەخشاندنی مێژووی دڵخوازی خۆیان بە کار دەبەن. لە هەندێک حاڵەتدا بەڵگەی ساختە و سازکراو بڵاو دەکەنەوە. لە هەندێک حاڵەتدا بە شێوەی سیستەماتیک زۆر بەڵگەی گرنگ سانسۆڕ دەکەن. لە ئەگەری نەگونجان یان نەناسینی ئەم تەکنیکانە پەنا بۆ مێژووی زارەکیی بێ بەڵگە دەبەن. لە هەندێک حاڵەتیشدا پرەنسیپەکان و مێتۆدی زانستیی نووسینەوەی مێژوو ڕەچاو ناکەن یان ئەوە کە هەمووی ئەو فۆرم و تەکنیکانە دەکار دەکەن تا مێژوویەکی تایبەت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ساز بکەن. مێژووی نەتەوەی کورد لە زۆربەی زەمەن و قۆناخە مۆدێرن و کۆنەکانی خۆیدا تووشی ئەم جۆرە دەستکارییەی حکومەت، حیزب و کەسانی سەر بە چەمک و ڕێبازی جۆراوجۆر بووە، تەنانەت ڕێی تێچووە کە زۆر کەسیش لاپەڕەکانی مێژوو بۆ ڕژانی قینی دڵی شەخسی خۆیان بە کار ببەن و تۆڵەی بەسەرهاتە تاڵەکانی خۆیان لە نەتەوەیەک بکەنەوە. مێژوو هەر چەند تاڵ بێ، پێویستە وەک خۆی بنووسرێتەوە هەتا وانەی باش و پێویستی بۆ داهاتوویەکی جوانتر لێ وەربگیردرێت. لایەنی هەرە سەرنجراکێشی زانستی مێژووش، بۆ بەشی نوێبوونەوە و دۆزینەوەی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی زۆرتر دەگەڕێتەوە و تا لێکۆڵینەوە زۆرتر بکرێ، وێنەی ڕابردوومان ڕوونتر وە بەر چاو دەکەوێت.

لە خوێندنەوەی مێژوودا گەلێک گرنگە کە خوێنەر، خۆی بە دەست نووسەرەوە نەدا و بە وردبینی و وشیارییەوە سەرنجی هەر دەقێک بدا. ئەم سەرنجە پێویستە بە بێ لە بەر چاوگرتنی فاکتەرێکی تایبەتی بدرێت، چون لە نووسینەوەی مێژوودا ئاساییە کە ببینرێت کەسێک ئێتیکی پاراستنی پرەنسیپ و تایتڵی نەبێ یان ئەوە کە لە ڕووی ناوشیارییەوە خۆی لە نووسینەوەی مێژوویەک دابێ کە لە ئاستیدا نییە و لە زانینی وردەکارییەکانی مێژووی پێوەندیداردا کلۆڵە.

لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ وێنە بۆ تێکستەکانی «ئەنتۆنی هایمەن» ڕادەکێشم کە جوان دیارە بۆ مەبەستێکی سیاسی و بەرژەوەندییەکی تایبەت کار دەکا. ئەو بە ڕاشکاوی بانگەشەی ئەوەی کردووە کە پرسێک بە ناوی کورد لە وڵاتی ترکیادا بوونی نییە. ئەو جیا لە چەواشەکردنی راستی و ژێرپێنانی ویژدان، لای وایە کە پرسی کورد تەنیا لە "ایران" و "عراق"دا بوونی هەیە و «ئینگمار کارلسۆن»ی سویدی ترکیار ئاسایی هەوڵێکی باشی بۆ سانسۆڕی ڕاستییەکان داوە.[1]،[2]

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ بە کورتی لە سەر دوو کەسایەتی ناسراو و ناوداری دوو نەتەوە چەند زانیارییەک بخرێتە بەردەستی خوێنەر و لە داهێدا وەکوو پرۆژەیەکی بەربڵاوتر، بە بەڵگە و زانیاری وردترەوە پاش ساڵانێک لێکۆڵینەوە بڵاو دەکرێتەوە.

زەمەنی بەرباسی مێژوو هاڵۆز بوو. زلهێزان بەردەوام پلانی جۆراوجۆری لەپێشرا داڕێژراوی خۆیان بەڕێوەدەبرد. شەڕێکی جیهانی لە ئارادا بوو و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەموو بوار و تێکنۆلۆژیی ئەو سەردەم بێبەر بوون و لە ئەگەری دەستڕاگەیشتنیان بە بەشێکی کەم لەم بوارانەشدا، بەوە بەسترابۆوە کە بە تەواویی خۆیان لە خزمەت پلان و بەرژەوەندییەکانی زلهێزاندا نابا.

زۆرینەی سەرچاوەکان باس لە کوشتارێکی بەربڵاوی ئەرمەنی، یۆنانی و ئاسۆڕییەکان دەکەن کە ئەمە بەشێکی بەلاڕێ دابراوی مێژووی ئەو زەمەنە. واتە بەم شێوەیە نییە کە تەنیا هەر ئەو سێ نەتەوانە قوربانیان دابێ و

تووشی کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی سیڤیل و بێ چەک بووبن، بەڵکوو نەتەوەکانی کورد، پارس و هتدش وەک سێ نەتەوەی باسکراو تووشی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە بوون.

لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوشتار و کۆچی بەزۆری نەتەوەی کوردیش بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەڕێوە چوو.[3،4،5] ناوچەی ورمێ کە بە پێی سەرچاوە کۆنەکانی مێژوو هەمیشە بەشێک بووە لە خاکی کوردستان، بە هۆی پڕ پیت و بەرەکەتبوونی ناوچەکە بەردەوام گۆڕەپانی ڕمبازێنی هێزە جۆراوجۆرەکان بووە. لە بواری ستراتێژیکیشەوە بایەخ و گرنگی تایبەتی هەیە و لە هەمان کاتیشدا بە هۆی نەریت و کولتووریکی کە کوردی ئەم دەڤەرە هەیانبووە، میوانداری زۆر گەل و هۆزی دیکە بوون کە ڕەچەڵەکیان بۆ شوێنی دیکە دەگەڕێتەوە. «مەتین هێپێر» کە بە شێوەیەکی بێلایەنانە کاری لە سەر مێژووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە، ئاماژەی بەم گرنگە کردووە کە ورمێ و دەڤەری زەریاچەی ورمێ شوێنی ژیانی کوردان بووە.[6] لەم زەمەنەدا کە شەڕی جیهانی بەڕێوە دەچوو، دوو کەسایەتی لە دەڤەری ورمێدا سەرکردایەتی نەتەوەی خۆیان دەکرد. «سمکۆ خانی شکاک» کە سەرکردەیەکی کورد بوو و «مار بێنیامین شیمۆن» کە سەرکردایەتی ئاسۆڕییەکانی بە دەستەوە بوو.

سمکۆی کوردان کەسایەتییەکی نەتەوەیی بوو کە سەرکردەی یەکجار هێژای کوردەکان، پێشەوا "قاضی محمد" لە چەندین بۆنەی تایبەتدا قسەی لە سەر کردبوو. بە دڵنیاییەوە گەر سمکۆی کوردان کەسایەتییەکی دڵسۆز و هێژا نەبووبایە، پێشەوای کوردان کرێدیت و کەسایەتی خۆی بەوە خەوشەدار نەدەکرد کە بە جوانی لە سەر بدوێ. زەمەنێک کە سمکۆ تێیدا دەژیا، زۆر هاڵۆزتر لە چاو زۆر زەمەنی دیکەی مێژووی مۆدێرنی نەتەوەی کورد بوو و هەر بۆیە ئاساییە بێژین کە گەر هەر کەسێکی دیکەش لە جێگەی سمکۆدا ڕۆڵی گێڕابا، تووشی هەمان پڕۆپاگەندە و شێواندنی کەسایەتییەکەی دەبوو. سمکۆ لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا، سەردانێکی زۆر مێژوویی بۆ باشووری نیشتمانەکەی کرد. لەو سەردانەیدا دەگەڵ شێخ "محمود"ی سەرکردە هەوڵی پتەوکردنی یەکگرتوویی هێزی کوردیان دا. شێخ "محمود" لەو زەمەندا بە تەمای پێکهێنانی ئەرتەشێکی نەتەوەیی بۆ کوردستان بوو. سمکۆی کوردان پێشنیاری ئەوەی بە شێخ "محمود" کردبوو کە باشتر وابوو هێرش بۆ سەر داگیرکەران لە "ایران"ەوە دەست پێ بکەن.[7] ئەو سەرکردەیە جیا لەوە کە چالاکییەکانی لە خزمەتی چەمکی نەتەوەیی کورددا بوو، لە مێژووی ڕۆژنامەوانی نەتەوەی کوردیشدا دەوری هەبووە و ناوی دەهێندرێت.

زلهێزانی چالاک لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا زۆر پلانی نامرۆڤانەیان بەڕێوەبرد کە لە ناوچە کوردستانییەکان زۆرتر لە ژێر بەرنامەکانی ڕووس و ئینگلیس بەڕێوە دەچوو. پیلانی ئەو حکومەتانە هەرکات شاردنەوەی جەنایەت و پلانەکانیان لە ناوچەدا بووە و نووسەرانێکی زۆریش کە لە ژێر باڵی ئەو دوو سیستەمەدا ژیابوون، هەوڵیان بۆ شاردنەوەی ئەم ڕاستییانە دابوو. تەنانەت بەشێکیش لەم مێژوونووسانە سەر بە نەتەوەی کورد بوون کە لە خزمەت ئەم بەرنامانەدا کاریان دەکرد.

ئاسۆڕییەکانیش بە هەمان شێوە مێژوویەکی دڵتەزێنیان هەیە کە زۆر مەخابن بوونە بەشێک لە قوربانی ئەو پلانگەلەی زلهێزان و هیچ دەستکەوت و گارانتییەکیان پاش شەڕی یەکەمی جیهانیش بۆ مسۆگەر نەبوو. تاقمێک ئێلیتی ڕادیکاڵی ناسیۆنالیستیشیان هەیە کە بەردەوام بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی خۆیان، هەوڵیان بۆ قێزەوەنکردنی وێنەی نەتەوەی کورد داوە. ئەو تاقمە بە شێوەیەکی سیاسی کار لە سەر مێژوو دەکەن و ئامانجێکی ناپیرۆزیان هەیە کە زەرەر و خەساری هەر دووک نەتەوەی کورد و ئاسۆڕی لێ دەکەوێتەوە. ئەوان هیچکات ئامادە نین کە لە سەر جەنایەت و بەکارهێنانی نامرۆڤانەی ئاسۆڕییەکان لە لایەن زلهێزانەوە تێکستێک ئاراستەی ئەو دەوڵەتانە بکەن و دیواری کورت و ژیاری نەتەوەی کوردیان وەک تاقە ئاڵتێرناتیوی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان هەڵبژاردووە.

لە ناوبەری ساڵەکانی ١٩١٥ تا ١٩١٧ی زایینی دەڤەری "آذربایجان" لە ژێر کۆنترۆڵی ڕووسەکاندا بوو. ڕووسەکان لەو ماوەیەدا بە پێی سەرچاوە ناکوردییەکان ڕێژەیەکی زۆریان لە کوردەکان تونا کرد.[8]،[9] لە ساڵی ١٩١٧ی زایینیدا ڕووسەکان خەریک بوون "آذربایجان" چۆل بکەن. لەو کاتەدا کە ئەوان خەریک بوون لەو دەڤەرە ون بن، نزیکەی پەنجا هەزار چەکداری ئاسۆڕی و ئەرمەنی لە "آذربایجان"دا هەبوون. ئاسۆڕی و ئەرمەنییەکان لەو ناوچەیەدا سامان و بەرهەمی کشت و کاڵی خەڵکی دیکەیان تاڵان دەکرد، بە تایبەتی ئاسۆڕییەکان کە پێشتر لە ئاناتۆلیا ڕا بەرەو دەڤەری ورمێ گواسترابوونەوە، دەستێکی باڵایان لە تێکدانی ئابووریی ناوچەکە هەبوو و ئازارێکی زۆریان بە خەڵک گەیاند.[10]

ئاسۆڕییەکان بەتەما بوون بە تەواویی دەست بەسەر دەڤەری ورمێ دابگرن. هەر بۆیە لە فکری ئەوەدا بوون کە سەرکردایەتی تاقە هێزی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو بەرن. لە لایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی "ایران" کە پێشینە و بڕوایەکی قووڵیان لە مێژوودا بە تێرۆر هەبووە، خوازیاری لەناوبردنی سمکۆی کوردان بوون. دیارییەک بۆ سمکۆی کوردان ناردرا کە ئێستاش تەواو ڕوون نییە لە لایەن "ایران"ییەکانەوە ناردرابوو یان ئاسۆڕییەکان ئەو کارەیان کردبوو. لە دیارییەکەدا بۆمبێکیان دانابۆوە. سمکۆی کوردان بەم بۆمبە نەمرد و براکەی ئەو بە کردنەوەی دیارییەکە تێدا چوو.[11] کوردەکان ئەمەندە بەم پلانە قێزەوەنە تووڕە بوون کە هێرشیان بردە سەر ئاسۆڕییەکان بەڵام بە هۆی ئەوە کە ئاسۆڕییەکان پڕچەک بوون، لەم هێرشەدا سەرکەوتوو نەبوون و ئاسۆڕییەکان توانیان بەرگری لە خۆیان بکەن. پاش ئەوە کە پاشەکشە بە کوردەکان کرا، کوردەکان هێرشیان بردە سەر ئامریکاییەکانی ئەو ناوچەیە کە پاڵپشتی ئاسۆڕییەکانیان دەکرد. کوردەکان لەو هێرشەدا توانیان دەست بەسەر ماڵیاندا بگرن و بە تۆڵەی پلانی ناشرینی تێرۆری سمکۆی سەرکردەیان بەشێک لە ئاسۆڕییە کۆچکردووەکان لە ناو بەرن.[12] جیا لە تێکهەڵچوونی ئەو هێزانەش، جەماوەری ناوچەکە بە بوونی هێزی ئاسۆڕییەکان ڕازی نەبوون، بەڵام بە دەربڕینی دەنگی ناڕەزایی جەماوەری ئەو دەڤەرە، هێزەکانی ئاسۆڕی دەنگی نارەزایی جەماوەریان کپ کرد.[13] ئەم هاڵۆزییانە ڕەوشی ژیانی خەڵکی لە ناوچەکەدا زۆر ناخۆش کردبوو. جیا لەوەش پرسی ئەو نەتەوانە هەروا بە بێ وڵام و دەستکەوت مابۆوە و زلهێزانیش تەنیا لە ئەگەری کەوتنەبەر مەترسی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەدا ئامادە بوون کە جووڵەیەک لە خۆیان نیشان بدەن. بۆ ئەوەی کۆتایی بەم کێشانە بهێندرێت، سمکۆی کوردان پێشنیاری دانیشتنێکی بە مار بێنیامین شیمۆن لە ٣ی مارسی ١٩١٨ی زایینی دا. سمکۆ زۆر بە جوانی پێشوازی لێ کردن و هەر دووک لا لە سەر ئەوە باسیان دەکرد کە بە یەکەوە هاوکاری بکەن، ڕۆحی برایەتی لە ناویاندا بەرز بکەنەوە و هەوڵ بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن.[14] تا ئێستاش بە وردی ڕوون نییە کە سمکۆی کوردان بەڕاستی مەبەستی تۆڵە هەستاندنەوە لە کردەوەی تێرۆریستی سەرکردەی ئاسۆڕییەکان بوو یان ئەوە کە لە دانیشتنەکەدا هەستی بە درۆ و فرتوفێڵی ئاسۆڕییەکان کردبوو، بەڵام ئەوەی کە لە کۆی سەرچاوە مێژووییەکان بەجێماوە ئەمەیە کە مار بێنیامین شیمۆن دەگەڵ هاوڕێ چەکدارەکانی تووشی چارەنووسێک بوون کە پێشتر بۆخۆیان بۆ سمکۆیان داڕشتبوو.

مار بێنیامین شیمۆن لەم ڕۆژەدا کوژرا.[15] لەناوچوونی مار بێنیامین شیمۆن خەسارێکی زۆری لە نەتەوەی ئاسۆڕی دا و بایەخی ئەو کەسایەتییە ناسیۆنالیستە ئایینییە بۆ نەتەوەکەی ئەمەندە زۆر بووە کە لە شێعری لەدەستدانیدا ناوی سمکۆی کوردانیش هاتووە.[16] ئاسۆڕییەکان لە نووسینەوەی مێژوودا هەموو لایەنەکانی ڕووداوەکە باس ناکەن. ئەوان پێویستە بەڵگەکانی دەوڵەتی ئامریکا بخوێننەوە و لە پلانەکانی کوشتاری سیستەماتیکی نەتەوەکانی ناوچە بە دەستی بریتانیای مەزندا وەک مێژووی ڕاستەقینەی هۆزی خۆیان کەڵک وەربگرن.[17] جیا لەوە پێویستە ئاماژە بەم گرنگەش بکرێ کە بەشێک لە تێداچوونی ئاسۆڕییەکان بە پێی بەڵگەی ناکوردیی حاشاهەڵنەگر بۆ نەخۆشیی بەکۆمەڵی ئاسۆڕییەکان دەگەڕێتەوە کە لە دەڤەری ورمێدا لەو زەمەن تونا بوون.[18]

مار بێنیامین شیمۆن تەنیا کەسایەتییەکی ئایینی نەبوو و هاوکاریی هێزە سیاسییە ڕۆژئاواییەکانیشی دەکرد.[19] ئەو جیا لە ئەرکی ئایینیی خۆی، فەرماندەیەکی هێزی ئاسۆرییەکانیش بوو. لە یەک لە چالاکییە گەورەکەیاندا کە بە هاوکاری ڕووسەکان بەڕێوەیان برد، هێزەکانی ئاسۆری بە سێ گورداندا دابەش کران کە دوو دانەیان لە ژێر چاودێریی ڕووسەکان و ئەوی دیکەیان لە ژێر سەرکردایەتیی مار بێنیامین شیمۆنەوە شەڕیان دەکرد. لەو شەڕەشدا توانیان کوردێکی زۆر بکوژن و بەدوای سەرکەوتنێکی زۆر لە شەڕەکاندا و خزمەتێکی گەورە بە ڕووسەکان، سەفەری تیفلیسی کرد. لەوێ لە لایەن «گراند دووک نیکۆلاس»ەوە پێشوازییەکی یەکجار شیاوی لێ کرا.[20] مەخابن مار بێنیامین شیمۆن یەک لە هۆکارەکانی کێشەی ئێتنیکی لە ناوچە بوو و پاش کوژرانی، کوردێکی زۆر بوونە قوربانی چەک و هێرشی ئاسۆرییە چەکدارەکانی ناوچە.[21] توناکردنی چەند هەزار مرۆڤی ئاسۆری بە دڵنیاییەوە بۆ سمکۆ و هێزەکەی وەک ئاو خواردنەوە وابوو و ئەوە کە ئاسۆرییەکان لەو دەڤەرەدا توانیان درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، بۆ ئەم گرنگە دەگەڕێتەوە کە سمکۆی کوردان دژایەتی دەگەڵ سیاسەتی تیرۆریستی و نادۆستانەی مار بێنیامین شیمۆنی ئاسۆری هەبوو نەک دەگەڵ نەتەوەی ئاسۆری. چوون سەرچاوەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ژمارەی دانیشتوانی ئاسۆرییەکانی دەڤەری ورمێ لەساڵی ١٩٣٥ی زایینیدا بە پازدە هەزار کەس دەگەییشت.[22] ئەم ژمارەیەش بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی ڕێژەی خەڵک بە پێی خشتەی خەڵماندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و لەبەرچاوگرتنی مێژووی ئەو دەڤەرە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بەو قەناعەتەمان دەگەیێنێت کە ژمارەی ئاسۆرییەکانی دانیشتووی ورمێ لە پاش کوژرانی مار بێنیامین شیمۆن لە چەند هەزار کەسێک تێنەدەپەڕی. لە هەلومەرجێکی ئاواشدا گەر سمکۆی کوردان دژایەتی نەتەوەی ئاسۆری کردبا، دەیتوانی لە ماوەیەکی کورتدا بنە بە ئاسۆری ئەو دەڤەرە بهێنێت. سەرنجڕاکێشە کە کاتێک مار بێنیامین شیمۆن لە سەفەری هەندەران بوو، سورمە خانی خوشکی لە ژێر دەسەڵاتی سمکۆی کورداندا ژیانی دەکرد و کەرامەت و ئاسایشی پارێزراو بوو.

بڕوانە ئەم وێنەیەی ژێرەوە.



وێنە لە ئارشیوی واسیلی نیکیتین وەرگیراوە. لە وێنەکەدا سمکۆی کوردان دەبینن کە لە دەستی ڕاستی واسیلی ڕووس دانیشتووە. لە دەستی چەپی واسیلیش سورمە خانی خوشکی مار بێنیامین شیمۆن دانیشتووە.

سمکۆ وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی کێشەی دەگەڵ هەموو دەسەڵاتێک هەبوو کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەی جووڵاباوە. ئەو هیچکات یاریدەدەری هێزی بێگانە بۆ شکانی برایەکی خۆی یان هێزێکی نەیاری نەبوو. لە مێژووی شۆڕشیشیدا تۆمار کراوە کە هەم دژ بە دەسەڵاتی ترکان دەجووڵاوە و هەم ئەوە کە دژایەتی دەسەڵاتی "ایران"ییەکانی دەکرد. ئەو خوازیاری دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بوو و وێڕای ڕێزگرتن لە نەتەوە دراوسێکانی خۆی، شەرمی لەوە دەکرد بە "ایران"ی بناسرێت.[23] ئەم شێوە بیرکردنەوەیەش بە هیچ شێوەیەک لە خانەی ناسیۆنالیزمی لە چەشنی داگیرکەرانی خاکی کوردستان نییە و مافێکی ڕەوای هەر مرۆڤێکە کە شاناز بێ بەو داب و نەریت و زمانە و ناسنامەیە کە تێیدا لەدایک بووە.

سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە سمکۆی کوردان سەرکردەیەکی وشیار بوو. ئەو پێش ئەوە کە مار بێنیامین شیمۆن بە مێژوو بسپێرێ، لە پلانی یەکجار ناشرین و نامرۆڤانەی سەرکردایەتیی سیاسی ئاسۆڕییەکان ئاگادار بوو. هەر بۆیەش هیچ بە دوور نازاندرێت کە سڕینەوەی مار بێنیامین شیمۆن تەنیا لە بەر ئەو کارەی ئاسۆڕییەکان بێ. کردەوەیەکی زۆر مەترسیدار کە زۆرینەی مێژوونووسە کوردەکانیش پێیان نەزانیوە!

پاش مار بێنیامین شیمۆن تەنیا ئاڵتێرناتیڤێک بۆ سەرکردایەتیی چەکدارە ئاسۆڕییەکان مابۆوە. ئەو بە ناوی مارشال ئاغا پێترۆس لە مێژوودا ناسراوە کە سەر بە عەشیرەتی «باز»ی ئاسۆڕییەکان بوو. ناوبراو پێشینەیەکی باشی نەبوو و هەر بۆیەش لە سەرەتادا کێشەیەکی زۆری بۆ یەکخستن و بەڕێوەبەریی هێزی ئاسۆڕییەکان هەبوو. بە تایبەتی بنەماڵەی مار بێنیامین شیمۆن ئامادە نەبوون وەک سەرکردەیەک قبووڵی بکەن.[24] بەڵام لە ڕاستیشدا ئاسۆڕییەکان چارەیەکی دیکەیان نەبوو. لە ناو ئەواندا جیا لە پێترۆس تەنیا سورمە خانی خوشکی مار بێنیامین شیمۆنیان هەبوو و هەر چەند کە هەوڵێکی بەرچاویشی بۆ خەڵکەکەی خۆیدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

پێشتر پێترۆس لە ژێر فەرمانی مار بێنیامین شیمۆن دا کاری دەکرد.[25] ئەو لە سەرکردایەتیی ئاسۆرییەکاندا ڕۆڵی خۆی بە باشی گێڕا و بە تەواوی پلانەکانی بریتانیای مەزنی لە ناوچەدا بەڕێوە برد. لە دواییدا کە کۆنفرانسی لۆزان بەسترا، پێترۆسیش ڕێگەی پێدرا تا لەو کۆنفرانسە گرنگەدا بەشداریی بکا.[26] بە دڵنیاییەوە گەر خزمەتگوزاریی ئەو بۆ بریتانیای مەزن نەبووایە، پێی بەم شوێنە نەدەگەیشت. بەڵگەکانی کۆنفرانسی لۆزان ئەمە دەسەلمێنن کە ئاسۆڕییەکان داوای پێکهێنان و بە فەرمی ناساندنی دەوڵەتێکیان بۆ خۆیان کردبوو کە بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی لە خۆی دەگرت! ئەو دەوڵەتەی کە پێترۆس لە لۆزان داوای کردبوو، بریتی بوو لە خاکێک کە دەکەوتە ناوبەری موسڵ، هەکاری و ورمێ! ئەمەش واتە داگیرکردنی خاکی کوردستان. هەر لەم پێوەندییەوە تێلێگرافەکانی پێترۆسیش بلاو کراونەتەوە.[27] سەرچاوە ئینگلیسییەکانیش ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئاسۆڕییەکان گەرەکیان بوو ورمێ بۆ هەتاهەتایە داگیر بکەن.[28] جیا لەم بەڵگە و سەرچاوانەش، سورمەی خوشکی مار بێنیامین شیمۆن لە پێش بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی لۆزان باسی لە پێکهێنانی دەوڵەتێک بۆ ئاسۆڕییەکان کردبوو کە سنوورەکەی دەکەوتە ناوبەری ناوچەکانی موسڵ، جەزیرە و ورمێی کوردستانی و پێداگریشی لە سەر ئەم گرنگە کردبۆوە کە دەوڵەتەکە لە ژێر دەسەڵاتی بریتانیای مەزن بەڕێوە چووبا.[29] سورمە لە دواییدا لە ساڵی ١٩١٩ی زایینی بەرەو ئینگلیس وەڕێکەوت تا لە سەر پرسی ئاسۆڕییەکان قسە بکا. لە کاتی سەفەرەکەیدا کە ئیتر ئەو لە ناوچەدا نەمابوو و هاوکات ئاسۆڕییەکان پێویستییان هەبوو بە سەرکردەیەکی پیاو بۆ بەڕێوەبەری شەڕگەکان، ڕێگەی بۆ پێترۆس خۆشتر کرد کە بتوانێ بۆشایی سەرکردایەتیی هێزی ئاسۆڕی پڕ بکاتەوە.[30] پێترۆس ئەوەی لە توانای دابوو کردی تا ببێتە سەرکردەی هێزەکەی خۆی و بریتانیای مەزن لە خۆی ڕازی بکا. بەڵام لە دواییدا لە لایەن ئینگلیسییەکانەوە بە خەیانەتکردن تۆمەتبار کرا و تاوانی هاوکاریان دەگەڵ فەڕانسەوییەکان خستە سەر شانی.[31]،[32] سورمەی خوشکی مار بێنیامین شیمۆنیش کە لە دواییدا لە موسڵ نیشتەجێ ببوو، لە لایەن هێزەکانی "عراق"ی لەو شارە دەرکرا. سورمە ناچار بوو موسڵ بەرەو "بغداد" جێ بهێڵێت بەڵام ڕێگەی مانەوەیان لەوێش پێ نەدا. دۆستە ئینگلیسییەکانیشیان لە دوورەوە بینەری دەرکردن و

هەڵسوکەوتی دڵتەزێن دەگەڵ سورمەی ئاسۆڕی بوون کە چلۆن بە ڕووخاوی و وێرانییەوە ڕێگەی هەندەرانی لە پێش گرت و بەرەو کیپرۆس (قبرس) کۆچی کرد.[33] ئاسۆڕییە سیڤیلەکانیش کە لە دەڤەری بارزاندا نیشتەجێ بوون، لە لایەن کوردەکانەوە کێشەیەکیان بۆ ساز نەبوو.[34] «کۆمەڵگای نەتەوەکان» لەساڵی ١٩٢٥ی زایینی قبووڵی ئەوەی کرد کە ناوچەی دەرەوەی موسڵ زێدی ئاسۆڕییەکانە و دەتوانن لەوێ خۆبەڕێوەبەریی ژێر باڵی "عراق"یان هەبێ. ئینگلیسییەکانیش کە ئیتر پێویستییەکیان بە ئاسۆڕییەکان نەمابوو، پشتیان بەردان و "عراق"یش بە دەستێکی ئاوەڵەوە هێرشێکی زۆر دڕەندانەی بۆ سەریان برد. بە هەزاران مرۆڤی سیڤیل و بێ چەکی ئاسۆڕی بریتی لە ژن و منداڵی بێ تاوان کوژران. ٦٥ گوند لە کۆی ٩٥ گوندەکەیان لێ خاپوور کرا و بەشێکی بەرچاویان لە سەرڕا گەڕانەوە بۆ ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەشێکیشیان پەنایان بۆ وڵاتی ئامریکا برد.[35] جێگە و پێگەی مار بێنیامین شیمۆنیش دەکرا کە بە «مار شیمۆن ئێشای» پڕ بباوە بەڵام ئەویش لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینیدا لە ئامریکا کوژرا.[36]

مار بێنیامین شیمۆن بە دڵنیاییەوە سەرکردەیەکی خۆشەویست بوو بۆ نەتەوەکەی، بەڵام بەداخەوە جیا لە هەموو ئەو نائارامییانەی لە خاکی کوردستاندا نایبۆوە، داڕێژەری ئەو پلانە نادروستەش بوو کە خاکی کوردستان داگیر بکا و دەوڵەتێکی ساختەی لە سەر بونیات بنێن. پرسیارێک کە وەک مێژوو دەبێ لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی جیهانی بکرێت پێویستە بەم شێوەیە گەڵاڵە بکرێ:
گەلۆ بۆ نەرویژییەک ئاساییە کە لە سەر خاکەکەی دەوڵەتێکی ساختەی "عربی" بونیات بنرێت؟ سمکۆی کوردان چ ئاڵتێرناتیڤێکی دیکەی هەبوو کە وڵامدەرانی ئەم پرسیارە خۆیان دەتوانن بۆ خۆشیانی بە ڕەوا بزانن؟

سۆران کرباسیان
٣ی ١١ی ٢٠١٣ی زایینی

**Serçawekan:**

[1] Anthony Hyman, ‘Elusive Kurdistan: The Struggle for Recognition’, Conflict Studies, no. 214 (1988), p. 8

[2] Metin Heper, The State and Kurds in Turkey; The Question of Assimilation, ISBN-13: 978–0–333–64628–1, 2007 PALGRAVE MACMILLAN, P 3

[3] BOA, DH.ŞFR 57/275, İAMM to Diyarbekir, 3 November 1915.

[4] U.Ü. Üngör, Young Turk social engineering : mass violence and the nation state in eastern Turkey, 1913-1950, UvA-DARE, the institutional repository of the University of Amsterdam (UvA) 2009 Faculty of Humanities, Filename 5: Deportations of Kurds, 1916-1934, Final published version, P 218

[5] جیا لە دوو سەرچاوەی پێشوو کە ئاماژەیان بەم ڕاستییە کردووە، پێداچوونەوەم کردووە بە سەدان بەڵگەی پێوەندیدار کە لە ئارشیوە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی ئەورووپی دۆزیومنەوە و لەبەردەست دان. جیا لەو بەڵگانە دوو سەرچاوەی ئاڵمانیش بەدەستەوە هەن کە کوشتاری سیستەماتیکی نەتەوەی کورد لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا پشتڕاست دەکەنەوە. ئەم بەڵگانە لە لایەن زۆر لایەن و نووسەرەوە سانسۆڕ کراون و بەشێکیش لە نووسەران پێیان نەزانیوە. پێویستە ئەمەش بگوترێ کە هەر لە سەرەتاوە "جمعیت اتحاد و ترقی" پلانی ئەوەیان داڕشتبوو کە لە دوای توناکردنی ئەرمەنییەکان، کوردەکانیش بە هەمان شێوە لە بازنەی سیاسی و بوونیان لە ئاناتۆلیا بسڕنەوە. بۆ زانیاری زێدەتر لەم پێوەندییەوە بڕوانە:

a) The words ‘zo’ and ‘lo’ are derogatory expressions in Turkish, referring to the Armenian and Kurdish languages, respectively. Firat Cewerî, Li Mala Mîr Celadet Alî Bedir-xan (Stockholm: Nûdem, 1998), pp.71-5

b) U.Ü. Üngör, Young Turk social engineering : mass violence and the nation state in eastern Turkey, 1913-1950, UvA-DARE, the institutional repository of the University of Amsterdam (UvA) 2009 Faculty of Humanities, Filename 5: Deportations of Kurds, 1916-1934, Final published version, P 223

[6] Metin Heper, The State and Kurds in Turkey; The Question of Assimilation, ISBN-13: 978–0–333–64628–1, 2007 PALGRAVE MACMILLAN, P 35

[7] Cecil John EDMONDS (Adviser to the Ministry of the Interior, Iraq 1935-1945), KURDS TURKS & ARABS, 1957 London, translated by Ebrahim Younesi 1988, P 343

[8] W.S. Vanneman,Tabriz,to Scott, New York, 16 Aug. 1915,PHS, RG 91-4-18;F.G. Coan, Urmia, to Robert Speer, New York, 11 July 1916, PHS, RG 91-5-19; Shedd, Measure, 205;c.f., Kasravi,Eighteen Year History, chapterXII.

[9] Michael Zirinsky, American presbyterian missionaries at Urmia during the great war, PP 8-9

[10] Brrwane du serçawey pêşû.

[11] Michael Zirinsky, American presbyterian missionaries at Urmia during the great war, P 11

[12] ئەم میسیۆنێرییە لە دواییدا لە ڕێکەوتی ٢٤ی ٥ی ١٩١٩ی زایینی لە لایەن "رضا سوادکوهی" (پهلوی) لەو دەڤەرە دەرکران.

a) Michael Zirinsky, American presbyterian missionaries at Urmia during the great war, P 11

b) Michael P. Zirinsky,"Render Therefore unto Caesar the Things Which Are Caesar's: American Presbyterian Educators and Reza Shah,"Iranian Studies, 1993, PP 340-342.

[13] Michael Zirinsky, American presbyterian missionaries at Urmia during the great war, P 9

[14] Ashor Giwargis, The Patriarch Mar Binyamin Shimmun

A Martyr of the Assyrian Nation & the Church of the East, Translated into English by Mary C. (Canada), Article published in the Arabic newspaper, "An-Nahar" on 14 March 2004, 2004 Chicago, The Lighthouse.

[15] Martin van Bruinessen, A Kurdish Warlord on the Turkish-Persian Frontier in the Early Twentieth Century: Isma`il Agha Simko, Utrecht University, P 18

[16] Vasily Shumanov, Mar Binyamin Shimmun, 2004 Chicago, The Lighthouse.

تێبینییەک لە سەر ئەم شێعرە: ئاسۆڕییەکان لە تێکستەکەدا سمکۆی کوردانیان بە سمکۆی "مسلمان" ناو بردووە. ئەمە سەرچاوە لە دژایەتیی خەستی ئاسۆڕییە مەسیحییەکان دەگەڵ "اسلام" وەردەگرێت، ئەگینا سمکۆی کوردان هیچکات لە پێناو "اسلام" و هێچ چەمکێکی دیکەدا خەباتی نەکرد.

[17] Mohammad Gholi Majd, The Great Famine & Genocide in Iran: 1917-1919, ISBN-13: 978-0761861676, University Press of America

[18] Joel E. Werda, The Flickering Light of Asia or The Assyrian Nation and Church, 1924 Author, P 21

[19] Jessica R. Eber , Fatal Ambivalence: Missionaries in Ottoman Kurdistan, 1839-43,2008 Wesleyan University, P 3

[20] LT. COL. R. S. STAFFORD D.S.O., M. C. The Tragedy of the Assyrians، THE TRAGEDY OF THE ASSYRIANS، 1935، P 21

[21] LT. COL. R. S. STAFFORD D.S.O., M. C. The Tragedy of the Assyrians، THE TRAGEDY OF THE ASSYRIANS، 1935، P P 21-23

[22] LT. COL. R. S. STAFFORD D.S.O., M. C. The Tragedy of the Assyrians، THE TRAGEDY OF THE ASSYRIANS، 1935، P 17

[23] Thomas Bois, The Kurds, Translated from the French by Professor M.W.M. Welland, 1966 Khayats Beirut, P 148

[24] LT. COL. R. S. STAFFORD D.S.O., M. C. The Tragedy of the Assyrians، THE TRAGEDY OF THE ASSYRIANS، 1935، P 23

[25] Robert DeKelaita, The Origins and Development of Assyrian Nationalism, University of Chicago, P 9

[26] Naures Atto, Hostages in the Homeland, Orphans in the Diaspora: Identity Discourses Among the Assyrian/Syriac Elites in the European Diaspora, ISBN-13: 978-908728 148 9, 2011 Leiden University Press, P 94

[27] Telegrafekan le jêr em naw u nîşane bllaw bûnetewe.

**a)** No.230, 231, No.353 January 15, 1923

**b)** No.368 Response to his Excellency Ismet Pasa, No.278C, Response to 16/1/39 (see No.3530) January 18, 1923

[28] Isaac E. Asia, British Policy In Assyrian Settlement, P 7

[29] LT. COL. R. S. STAFFORD D.S.O., M. C. The Tragedy of the Assyrians، THE TRAGEDY OF THE ASSYRIANS، 1935، P 63

[30] LT. COL. R. S. STAFFORD D.S.O., M. C. The Tragedy of the Assyrians، THE TRAGEDY OF THE ASSYRIANS، 1935، P 30

[31] Ashur Giwargis, The Assyrian Liberation Movement And the French Intervention (1919 – 1922)

[32] Sargon Dadesho, The Assyrian National Question at the United Nations (Modesto, California, 1987), P 78

[33] LT. COL. R. S. STAFFORD D.S.O., M. C. The Tragedy of the Assyrians، THE TRAGEDY OF THE ASSYRIANS، 1935، P 166

[34] Isaac E. Asia, British Policy In Assyrian Settlement, P 13

[35] Brrwane têkstekanî Banipall Ramsini.

[36] Hirmis Aboona, ASSYRIANS, KURDS, AND OTTOMANS, 2008 USA, ISBN 978-1-60497-583-3, P 79